ئەنفال
گاریگەری لەسەر شوناسی نەتەوەیی

ئاسۆ ئەمین

ئەنفال پرۆسەیەکی سیستماتیزە کراو و تایبەت بوو کە ڕژێمی بەعس بەرامبەر نەتەوەیی کورد لەکوردستانی باشوور ئەنجامی دا. ئەنفال جۆرێکی تایبەتە لەقڕکردن و لەناو بردنی نەتەوەیەك کەئەویش نەتەوەی کوردە، کوردیش یەکێکە لەدێرینترین نەتەوەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و تائێستا گەورەترین نەتەوەیە کە نەگەیشتۆتە مافە نەتەوەییەکانی و ئیستاش بەردەوامە لەهەوڵدان بۆپێك هێنانی قەوارەیەکی سەربەخۆی سیاسی. ئەنفال جۆرێکی ترو داهێنانێکی نوێی تر بوو لەلەناو بردن و قڕکردنی نەتەوەیەك کەهەزار ساڵە لەسەر خاکێکی دیاری کراو دەژیو بەزمانێك دەئاخفێت کەجیاوازە لەزمانەکانی دەوروبەری، کەلتورو جۆری ژیانی زۆربەئاشکرا لەنەتەوەکانی دیکەی دەوروبەری و دوونیا جیاوازترە. ئەنفال پرۆسەیەك بوو کەبەعس دەیویست لەریگەیەوە نەتەوەیەك بیٚ شوناس کات و ئاوێزانیکات و لە نێو نەتەوەی گەورەی عەرەب بیتوێنێتەوە. چونکە ئەوە خەونی لەمێژینەی بەعس بوو. ئەوەی من مەبەستمە لێرەدا تیشك بخەمە سەری ئەوەیە کە ئەنفال وەك دیاردەیەکی نەتەوەیی و هەروەها پرۆسەی ئەنفال‌و کاریگەری لەسەر لەناوبردنی ئەو بزوتنەوە نەتەوایەتی یەی کەناوی ناسیونالیزمی کوردی یە. هەروەها سەیرکردنی ئەنفال وەك ئەوەی کە لە سەرووی ئایدیای بەعسەوە تەماشا بکرێت و تەفسیری بۆبکرێت. چونکە لەڕاستیدا کەم نین ئەو هێزە توندڕەو عەرەبیانەی کەدوای نەمانی بەعس لەعێراقی پۆست بەعسدا ئامادەگی سیاسی و میلیشیایان هەیە و دەتوانم بڵیم تێڕوانینیان بۆ شتەکان لەبەعس فاشیترە. ئەم هێزانە لەو پەڕی چەپ تائەو پەڕی هێزی دینی توندڕەوی، تێدایە.

تێڕوانین لە ئەنفال وەك دیاردەیەکی نەتەوەیی

ئەنفال وەك ووتمان پرۆسەیەك بوو دژ بە نەتەوەیەك کە بەنەتەوەی کوورد ناسراوە. واتە ئەم دیاردەیە ڕەهەندێکی نەتەوەیی هەیە، دژ بەئەنجام دانی نەتەوەیەك ئەنجام دراوە، ئەنفال لەهەموو ئەو کارەسات و تراژیدیایانەی تر کە لە عێراقی بەعس و لەعێراقی بەرلە بەعسیشدا ئەنجام دراوە جیاوازترە. چونکە ئەنفال گەر لە ڕویەکی سوسیۆلۆژیەوە سەیری کەین پرۆسەیەکە ئامانج تیایدا پوخت لەناو بردن و قڕکردنی نەتەوەیەك و ئەندامانی نەتەوەیەکی دیاری کراو بووە لەعێراقدا کەئەویش نەتەوەی کووردە. هیچ ڕەگەزو هیچ نەتەوەیەکی دی تیایدا جگە لەکوورد نەبوونە قووربانی. ئەنفال بەشێك نەبوو لە شەڕی نیوان دوو وولاتی وەك ئێران – عێراق. چونکە هەموومان دەزانین دوای وەستانی شەڕی نێوان ئەو دوو وولاتە ئەنفال گەیشتە لوتکە. ڕەنگە ئەوەی من ووتم بەوەی کە ئەنفالم وەك دیاردەیەکی نەتەوەیی ناوبردووە و تیایدا مەبەستی ئەنفالم خستۆتە ڕوو کەمەبەست تیایدا قڕکردنی نەتەوەیەکی وەك کوورد بووە, هەندێك کەس تیایدا بەگومان بن، زیاتر سەلماندنی ئەم قسانەی سەرەو بۆزیاتر بەزانستی و واقیعی کردنی من ئەم پرسیارە دەکەم ئایامەبەست لەئەنفال ئەو پرۆسەیە نەبوو کەبەعس دەیویست ئەو هێزە نەتەوەییە کوردیە کەپێی دەڵێن ناسیونالیزمی کوردی لەناو ببات و هەموو سەرچاوە مرۆیی و ئابوری یەکانی لە ڕەگ و ڕیشە دەربهێنێت و لەناوی بەرێت وەك ئەوەی کەکردی؟ ئامانجی ئەنفال یان ڕوونتر بڵێم ئامانجی بەعس لەئەنفالدا ئەوەنەبوو ناسیونالیزمی کوردی و لادێ و شوێنە کشتوکاڵی و لادێ نشینەکان کە نشینگەی ئەو بزوتنەوەیە بوون تەفرووتونا بکات و تەنانەت تاقە زیندەوەرێکیش نەتوانێت تیایدا بژی؟ ئایا بەعس لەئەنفالدا مەسجێکی سیاسی بە هەموو کورد ڕانەگەیاند کە نابێت کەس لەمەولا بیر لەهەستی نەتەوەیی بکاتەوە؟

بێگومان زۆرێکمان قایلین بەوەی کە بە بەڵێ ˇ وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە بداتەوە. چونکە لەناو بردنی بزوتنەوەی و نەتەوایەتی نەتەوەیەك یەکسەر جاڕی مەرگی توانەوە و بێ شوناسکردنی ئەو نەتەوەی بەدوادێت (ئەڵبەت مەبەستم لەنەتەوە بەماناسیاسیەکەیەتی). چونکە وەك ئارنست ڕێنان دەڵێت ئەوەی نەتەوە درووست دەکات بزووتنەوە نەتەوایەتی یەکەیەتی (ناسیونالیزمە) نەك بەپێچەوانەوە[1]. ئەو بۆ چوونە هەڵە یە کە دەڵێت دەبێت لەپێشدا نەتەوە دروست بێت پاشان بزوتنەوەکەی لەڕاستیدا دروست پێچەوانەی وی ڕاستە. واتە ئێمە سەرەتا بزوتنەوەیەکی نەتەوەیمان

دەویێت تاوەکو وەك نەتەوە بناسرێین و شوناسمان هەبێت. نەتەوە بەرهەمی ناسیونالیزمە نەك بە پێچەوانەوە. لەڕاستیدا ئەوهێزە خەیاڵی و کەلتوری و دەزگایانەی کەهەموو تاك و گروپ و کۆمەڵە جیاوەزەکان کۆدەکاتەوە و یەك فانتازیایی نەتەوەییان پێدەبەخشێت پێیان دەڵێت ئێوە هەموتان ئەندامی یەك نەتەوەن، ناسیونالیزمە [2]. ئەوەی داوای بونێکی سیاسی لەفۆرمی نەتەوەیەکی خاوەن دەوڵەت دا دەکات بۆ کەلتورێکی تایبەت. ناسیونالیزمە ئەوەی یەك چاوەڕوانی و یەك وێنەی ڕوونی ڕابردوو و یەك شوناس بەئەندامانی نەتەوەیەك دەبەخشێت، بزوتنەوە نەتەوەیەکەیەتی (ناسیونالیزمە). بەکورتی کۆی ئەوشتانەی نەتەوەیەك درووست دەکەن، دەبێت بزاوتێکی ناسیونالیستی پێش وەخت هەبێت و بەرهەمیان بێنێت[3]. ئەوەی من زیاتر مەبەستمە لێرەدا لەچەمکی نەتەوە و ناسیونالیزم لەڕوانگەی ئەو کۆمەڵە فەیلەسووف و تیوریست و سوسیولوجیستانەوە باسی دەکەم کە نەتەوە و درووست بوونی نەتەوە لەفاکتەرە خوودیەکانەوە دەخوێننەوە و لای ئەمان نەتەوە بریتی یە لەڕۆحیەتێکی تایبەت و دیاری کراو، لەبڕیاردانی پێکەوەبوونی سیاسی وئیرادەگەرانە و ویستی پێکەوەژیان. نەك شتێکی پێدراو جێگیر ونەگۆڕ. نەتەوە لەم بۆچونەدا لەسەر بنەمای فاکتەرە بابەتیەکانی وەك زمان و ئابوری هاوبەش و کەلتورو سەر زەمینی هاوبەش درووست نابێت. بەڵکوو نەتەوە لەسەر بنەمای تری وەك ئازار چەشتنی پێکەوەیی و کاری پێکەیی و خەون و هیوای پێکەوەیی درووست دەبێت[4].

کەواتە ئەنفال ئەگەر پرۆسەی لەناو بردنی نەتەوەیەك نەبێت بەیەکجاری و یەك بەیەکی ئەندامانی ئەو نەتەوە بەشێوەیەکی گشتی. ئەوا هەموومان لەوە دڵنیاین پلانێك بوو کەتیایدا وویسترا ئەو بزوتنەوە نەتەوەکوردیەی کەلە باشوری کوردستان هەبوو بەتەواوی ئاگری بکوژێتەوە و کۆتایی پێبهێنرێت. ئێستا کاتی ئەوەیە بێمە سەر ئەو بەڵگانەی کەئەنفال و ئامانج لەئەنفال لەناو بردنی نەتەوەی کوورد بووە، کەبەعس لەکۆتای سەدەی بیستەمدا ئەنجامی داوە. بەلاَم وەك پێشتر باسم کرد ئەنفال ئامانجی لەناو بردنی ئەو بزوتنەوە ناسیونالیزمیە کووردیە بوو کە لە هەر شوێنێك ڕۆڵی هەبوبێت بەعس لەوشوێنەدا ئەنفالی ئەنجامداوە.

بەڵگەی یەکەم/ (عەدنان خیراللە) ئەو کاتە وەزیری بەرگری عێراق بووە لەچاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی دا باسی ئەوە دەکات کەناکرێ جیاوازی لەنێوان خەڵکی

مەدەنی و پێشمەرگەدا بکرێت لەکاتی هێرشکردنە سەرناوچەکان، ئەوانەش کەبەر هێرشەکانی ئێمە دەکەون هەموویان کوردن و جلی کوردیان لەبەرە[5].

بەڵگەی دووەم /(تاریق عەزیز) وەزیری دەرەوەی ئەوکاتەی عێراق ساڵی 1983 بە بەرپرسێکی نێو بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کوردی ووتبوو. (ئەگەر یارمەتی عێراق بدەن لەدژی ئێران ئەوا هەرگیز لەیادمان ناچێت، بەڵام بەپێچەوانەوە دوایی تەواو بوونی شەڕ لەگەڵ ئێراندا هەمووگوند نشینە کوردەکان وێران دەکەین) [6].

بەڵگەی سێ یەم / رادیویی لەندەن لەپێنجی ئەیلولی ساڵی 1985ڕایگەیاند کە حکومەتی عێراق، ڕاوەستانی شەڕی لەگەڵ ئێران قۆستەوەو سوپا پڕچەك و مۆدێرن و وێرانکەرەکەی لەبەرەکانی شەڕ گواستەوە بەرەو کوردستان. هەروەها ئەوکاتەی بەباشترین کات زانیوە بۆ لەناوبردنی کوردە شاخاویەکان کەلەوشاخانە ماونەتەوە. سەرکردایەتی سوپای عێراق ئەم هێرشە بەربلاوەی بەچارەسەری کۆتایی دانابوو بۆ کێشەی نەتەوەیی کورد لەعێرقدا[7].

بەرلەوەی بچمە سەر بەڵگەکانی تر لەم بەڵگانەوە دەمەوێت ڕاستیەك بخەمە ڕوو ئەویش ئەوەیە، کەئەنفال هەرگیزو بەهیچ شێوەیەك بەشێك نەبووە لەشالاوی هێرشەکانی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق _ئێران. ئەمە لەلایەك, لەلایەکی تر زۆربەی ئەو سنورانەی ئەنفال تیایدا ئەنجام دراوەناوچەی سنوری شەڕی عێراق _ئێران نەبوون. وەك لەقسەکانی تاریق عەزیز دەردەکەوێت بەرواری ڕوودانی ئەنفال دەکەوێتە دوای وەستانی شەڕی عێراق _ئێران ە وە، وەئەم قسەی تاریق عەزیز بەڵگەشە لەسەر ئەوەی کەئەنفال شتێکە پێش وەخت بەرنامەی بۆ داڕێژراوەو بیری لێکراوەتەوە.

بەڵگەی چوارەم/ (یوست هیلتەرمان) سەبارەت بەپیادەکردنی پرۆسەی ئەنفال بۆچوونی ڕوون و ئاشکرای خۆی هەیە و دەڵێت (ئەنفال خەسڵەتێکی دژەکوردی هەبوو,ناوچە دیاری کراوەکان لەئەنفالدا هەموویان کووردنشین بوون و ناوچە کوردیەکان بوون، ئەوانەی کە لەم ناوچانە گیران و هیچیان بەسەر نەهات و رژێم نەیکوشتن وپەیوەندی بەوەوەنەبوو کەباوەڕپێکراوی ڕژێم بوون یان نا، بەڵکو پەیوەندی بەوە هەبوو کە کوورد نەبون، لەشالاوی ئەنفالدا تاکەکسێکی عەرەب نەگیراوە و نەکوژراوە، لەکاتێکدا ئەو گوندانەش کەباوەڕپێکراوی ڕژێم بوون لەگەڵ گوندەکانی تر تێکدران و خەڵکەکەش لەناوبران [8].

بەڵگەی پێنجەم/ سمیر خلیل (ناوە ڕاستەقینەکەی کەنعان مەکیەیەو نوسەرێکی عەرەبی عێراقەو لەدەرەوەی وولاْت دەژی) چاو پێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی ئەڵمانی (دی تاگس چای تونگ) کردووەو تیایدا باس لەوە دەکات کە (100000_300000) سەد تا سێ سەد هەزار مرۆڤی کورد لەناو بران. زۆربەی لەکاتی شالاْوەکانی ئەنفالدا بووە[9].

بەڵگەی شەشەم/ (دکتور جەبار قادر) دەربارەی ئەنفال دەنوسێت (بەڕای من ئەنفال بۆ کوورد کارەساتێکی نەتەوەیی بوو، کە کردەوەکانی ڕەشەکووژی، قەلاچۆکردن، بەکۆیلە کردنی کوردو تێکدان و وێرانکردنی کوردستان سەر دێرو لاپەڕە ترسناکەکانی بوون)[10].

بەڵگەی حەوتەم/ (عەلی حسن ئەلمەجید) ئەندازیاری پرۆسەی ئەنفال لەکۆبونەوەیەکدا لەگەڵ ئەندامانی تری حیزبی بەعسدا هەوڵی دەدا کورد ئەوەندە سوک و بێکەڵک پیشان بدا کەهیچ بەزەیی و سۆزێك لەگەڵیاندا نابیت بنوێنرێت کاتێ دەڵێ(ئەم بزنانە چی لێبکەم. ..ئەم تێکدەرانە چۆن لەنێوببەم، بەبلدۆزەر دەیان خەمە ژێر خاکەوە. ..ئەوانەش ئێوە لێیان دەترسان کێیان هەیە شتێ بلێ؟ وا وایان لێدەکەم ئەوانەش والێدەکەم کە گوێیان لێدەگرن. ..پازدە ڕۆژ بەکیمیایی لێیان دەدەم نەك یەك ڕۆژ. وەك مریشکیان لێدەکەم کەجووجەڵەکانی بخاتە ژێر باڵیەوە. بۆرێگەیان بدەم وەك کەر کەهیچ شتێ نازانێ لەوێ بژین؟ گەنمیانم ناوێ کشتوکاڵو بامیەو تەماتەو خەیاریانم ناوێ، ئێمە داوامان لەمووسڵ کرد کوردەکان ڕەوانەی چیا بکەن باوەك بزن بژین. ژنەکانیان خراپ کەن. سەریان پان دەکەمەوە ئەو سەگانە سەریان دەهاڕم. وەك خەیار لەت لەتیان دەکەم[11].

ئەو حەوت بەڵگەی کەباسم کرد تاڕادەیەك ماناو مەبەستی پشت پرۆسەی ئەنفالی خستە ڕوو. ئەم حەوت بەڵگەی کەباسم کرد تەنانەت مشتێکیش نیە لەخەروارێك و بگرە زۆر زۆر کەمترە. بەلاْم ئەوەندە بەسە کەئیتر ئێمە ئەنفال وەك دیاردەیەکی نەتەوەیی تەماشای بکەین و شوناسێکی بان حیزبی و بان ناوچەیی پێبدەین و مامەڵەی لەگەڵ بکەین.

ئەوەندە بەسە تاوەکوو ئێمە مامەڵەمان لەگەڵ ئەنفال مامەڵەیەك بێت لەئاستی مامەڵەکردن لەگەڵی وەك قڕکردنی نەتەوەیەك و ڕیشەکێشکردنی بزوتنەوە نەتەوەیەکەی ئەونەتەوەیە.

ئەنفال و ناسیونالیزمی کوردی

دیارە ئەنفال بۆنەتەوەیەکی وەك کورد کارەساتێك و کۆستێکی نەتەوەیی گەورە و حیکایەتێکی نەتەوەیی هاوبەش و گرنگ بوو، ئەگەر بەپێی پێوەرە زانستیەکان بێت کە قیاسی درووست بوونی نەتەوەیان پێدەکرد وەك ئەوی پێشتر باسمان کرد، دەبوو ئەنفال بەهێزترین و تۆکمەترین بوونیادی نەتەوەیی ئێمە بوایە تاوەکوو ئێمە شووناسی سیاسی نەتەوەییمان لێوە داڕشتایەتەوە. شوناسێك کە بۆڕۆژگاری مۆدێرنە گرنگ و بە بایەخەو زۆر بەئاسانی دەمان توانی ئەم کۆستە گەورەو تراژیدیە نەتەوەییەمان گلۆبالیزەکردایە.

بەلاّم ئەوەی ئەم خەم و تراژیدیا نەتەوەییە دەخاتە چوارچێوەیەکی سیاسی یەوە و هێماو فۆرمێکی سیاسی پێدەدات ناسیونالیزمە. ناسیونالیزم ترۆپکی هۆشیاری نەتەوەیەك نیشان دەدات لەهەست بەخۆکردن و گرنگی بەخۆدان. ناسیونالیزم دەتوانێت ئەوحیکایەتە ڕۆژانەو سالاّنە ی لەنێو ئەندامانی نەتەوەکەی زۆربەئاسانی دابڕێژێتەوەو برەویان پێبدات. بەو مەبەستەی ئینتیمای ئەندامانی ئەونەتەوەیە بەرەو لای خۆی ڕابکێشێت. ناسیونالیزم دەتوانێت ببێتە ئەو بڵندگۆیەی کە تاکەکانی نەتەوەیەك ئاگادارکات لەحیکایەت و کارەساتەکانی ڕابردووی نەتەوەکەیان و هەروەها ئەو مەترسیانەش کەلەداهاتوودا دێتە ڕێگای ئەو نەتەوە بەلاّم ناسیونالیزمی کوردی هەرچەندە بزوتنەوەیەکی مەوزووعی و مێژوو کرد بووە، هەرچەندە تاڕادەیەك تەعبیر بووە لەئیرادەو ئاواتەکانی گەلی کورد لەپێناو بەدیهێنانی مافەنەتەوەیەکانی دا [12]. کەچی ئەم بزوتنەوەیە بەدرێژایی تەمەنی نەیتوانیوە وەك پێویست مامەڵەی واقیعی و زانستی لەگەڵ کارەسات و حیکایەت و خەمەکانی نەتەوەیی کوردا بکات ناسیونالیزمی کوردی بەرامبەر گۆڕان و نویێ بوونەوە و گەشەکردن تووشی جۆرێك لەچەقبەستن و دوگما بووون هاتووە، چەقیوە تەنێو لیتەی دواکەوتووی و نەزانی و جوینەوەی ڕابردووو بەشێوەیەکی کلاسیکیی[13]. قۆناغی خەباتی چەکداری ناسیونالیزمی کووردی لەزۆر ڕووەوە گەڕانەوەیە بۆ سەدی هەژدەو نۆزدەهەم. مێژووی شۆڕشی چەکداری حیزبە بەرهەڵستکارەکان لەشەستەکان بەدوا لەمێژوویی پەیوەندی نێوان ئەمارەتە کووردیەکانی سەدەی نۆزدەهەم دەچێت. ئەوەی لەم مێژووەدا وونە ئامادەگی ئەو چوارچێوە نەتەوەییە بەر فراوانیە، کەبتوانێت جیاوازیەکانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی

لەخۆیدا کۆبکاتەوە[14]. ئێمە نەمانتوانی لەسەدەی بیستەمدا نەتەوە نەك بەمانا سیاسیەکەی درووست کەین. بەڵکوو زۆربەی بناغەکانی نەتەوەو شوناسی نەتەویشمان لاوازکردووە[15]، مامەڵە کردنی ناسیونالیزمی کوردی لەگەڵ کۆستە نەتەوەیەکان و بەتایبەت لەگەڵ ئەنفالدا، مامەڵەیەکی یەکگرتوو نەبووە. واتە هەمووومان یەك تێڕوانینمان بۆ ئەنفال نیە تاوەکوو ئەنفال لەو تێڕوانینەوە بخوێننەوە. هەموولا یەك تێروانینیان نیە بۆ داهاتوویەك کەلەسەر ئەنفال بوونیاد بنرێت.

ناسیونالیزمی کوردی نەك لەغیابی هەموو ئەفسانەیەکی نەتەوەی گشتیدا دەژی، بەڵکو لەغیابی هەر چوارچێوەیەکی سیاسی یەگرتووشدا دەژی کەتیایدا هێزە جیاجیاکان مەودای تەعبیر کردنیان وەك بەشی جیاوازی یەك نەتەوەهەبێت[16].

ئەنفال لای ناسیونالیزمی کوردی نەبۆتە پرۆژەیەکی جددی تاوەکو کاری جددی و عەمەلی لەبارەوە بکرێت. ئەنفال لای ناسیونالیزمی کوردی شێوازێکی پچڕ پچڕ و فرەماناو فرە ڕەهەندی بچوکی وەرگرتووە لەسیاسەت و تەفسیرکردنە نەتەوەیەکەی دا. چونکە سەدەی بیستەم سیاسەتی ناسیونالیزمی کوردی سیاسەتی سەدەی نۆزدەو هەژدەو سیاسەتی بەرلە درووستبوونی نەتەوە بووە سیاسەتی یەکسانکردنی نیشتیمان بەماڵی خێڵ و ماڵی حیزب و ماڵی سەرکردە لەسەدەی بیستەمدا لەهەرکاتێکی مێژوو تر لای ئێمە بەهێز ترو هەمەلایەن تر بووە.

لەڕاستیدا ئەنفال لای ناسیونالیزمی کوردی تائێستا نەبۆتە ئەوکاراکتەرەی کەڕۆڵی درووستکردنی شوناسی سیاسی نەتەوەیەکی خاوەن جینوساید و نەتەوەیەك کەهەوڵی قڕکردنی درا بێت. ئەنفال بۆکورد و بۆناسیونالیزمی کوردی دەکرا سەرەتای قۆناغێکی مێژووی نوێ و جەوهەری بێت. ئێمە دەمان توانی لەدوای ئەنفال بناغەیەکی توکمەی بوونیادی نەتەوەیەك دابمەزرێنین، کەزۆر تۆکمەو بەهێزتربێت لەبوونیادەکانی تری درووست بوونی زۆر نەتەوەی تر کە لەسەر چیرۆك وخەیاڵ و ئەفسانە دامەزراون.

ئەنفال، نەتەوەی کوردو ناسیونالیزمی کوردیی لەقۆناغێکەوە گواستەوە بۆ قۆناغێکی جیاوازتر. جیاوازتر لەڕووی سیاسی و مەعریفی و سۆسیولۆژی یەوە، جیاوازتر لەهەموو قۆناغەکانی تری پێش خۆی.

ئەنفال، کوردی وەك نەتەوە لەو بۆچوونەی ئارنست گێڵنەر دەرباز کرد کە دەڵێت (پێویستە زۆر نەچینە بنج و بناوانی نەتەوەوە چونکە هەموو نەتەوەیەك لە بنج وبناواندا

ئەفسانەو خورافیاتە، گەر ئێمەش کارێکی وەها بکەین حەقیقەتی نەتەوە کەشف دەکەین) [17]. ئەنفال شوناسی نەتەوەی کوردی لەوڕیسکە ڕزگارکرد کەگێڵنەر لەدرووست بوونی نەتەوەدا باسی دەکات. بەڵام ئەوەی جێگای مەترسیە و دەکرێت جێگای باسکردن و مشت و مڕو توێژینەوە بێت ئەوەیە کەناسیونالیزمی کوردی هەڵگری گوتارێکی بەهێزو یەکگرتوونیە بەرامبەر ئەنفال و پرۆسەی کورد قڕان. ئەنفال لای ناسیونالیزمی کوردی حیکایەتێکە کە کەمترین جیاوازی نیە لەو حیکایەتە سادانەی کە لەخەیاڵی ئێمەدا ئامادەگی هەیە. بگرە زۆر جار ئەنفالیان کردوە بەو کاراکتەرەی کەزۆر شتی ڕۆژانەی پیێ دەشوبهێنن لەکەناڵە ڕاگەیاندنەکانیاندا. سادەکردنەوە و بچوکردنەوەی ئەنفال و هێنانی ئەنفال بۆ ئاستە خوارو بێماناو شت و مەکەکانی ڕۆژانەمان گەورەترین هەڵەیە لەڕووی بەرژەوندی نەتەوەیی یەوە، کارەسات لەوەدایە میدیاکان پشکی گەورەیان هەیە لەوەی کەلەسەرەوە باسمکرد. گەورەترین مەترسی ئەوەیە کەئەنفال تائێستا نەبۆتە خاڵی وەرچەرخان لەمێژووی سیاسی ونەتەوەیی ئێمەدا. تاوەکوئێستا کەمترین خوێندنەوەی زانستیمان بۆ ئەم هۆڵوکۆستی کوردە کردووە. تاوەکووئێستا لەئەنفالمان نە ڕوانیوە وەك ئەوەی چارەنووسی نەتەوەیەکی لەسەر بەندە.

ئەنفال وەك پرۆژەیەکی پان بەعسیزم

گەورەترین هەڵە کە دەکرێت تێی بکەوین یاخوود تێی کەوتبین ئەوەیە کەئەنفال بەتەواوی لەبەعس و ئایدۆلۆژیای بەعسەوە بخوێنینەوە و تەفسیری کەین و لێکدانەوەی بۆبکەین و نەیبەستین بەهیچ ڕەهەندێکی کۆمەلأیەتی و ئاینی و سیاسی و ئابووری عێراق بەگشتی و نیشتیمانی عەرەب بەتایبەتی. چونکە بەدوای ئەو هەڵەدا بمانەوێت یان نا یەکسەر دەکەوینە نێو هەڵەیەکی مەعریفی و سۆسیولۆجی ترەوە کەزۆر لەو هەڵەی یەکەم جارمان گەورەترە, چونکە ئەنفال وەك پرۆژەی حیزبی بەعس و ئایدۆلۆژیای بەعس مامەڵە لەگەڵ دەکەین. ڕونتر بڵێم ئەنفال بەهەموو شێوەیەك توند ببەستین بە بەعسەوە و لەئایدیای بەعسەوە ئەنفال بخوێنینەوە بەتەواوی .

ڕاستە حیزبی بەعس لەو ڕۆژەی چاوی بەدنیا هەلهێنا گرنگی داوە بەبیری ناسیونالیزمی عەرەبی ژیاو(حی) کەڕۆحی عەرەب نوێنەرایەتی دەکات. گرنگی یان داوە بەکەسایەتی و ڕابردووی عەرەب و ڕوحی نەتەوەیی عەرەب. هەروەها گەورەترین

هەوڵیان دا تاوەکو ئاین و ناسیونالیزمی عەرەبی[18]بەشێوەیەك تێکەلاوی یەکتر کەن ، چی کاراکتەری ئەو دوانە هەیە واتێکەلاْو بن. هەرگیز نەناسرێنەوە. زۆر هەوڵیان دەدا تاوەکو کەمینەکانی نێو نیشتیمانی عەرب قڕوقپ کەن بەرامبەر سادەترین داواکاریان. بەلاْم لەگەلْ هەموو ئەوانەشدا کەباسم کرد ئەنفال ڕەگێکی مێژوویی و کۆمەلاْیەتی قوڵی هەیە لەعێراقدا ناکرێت بەڕەهایی بەبەعسەوە ببەسترێت یاخوود تەنانەت بەو ڕژێمانەش کەمێكْ پێش بەعس لەعێراقدا دەرکەوتن. یان ناتوانین بڵێین دووبارە ئەنفال نابێتە پرۆژەی حیزبو ئایدۆلۆژیایەکی تر بۆلەناوبردنی شوناسی سیاسی نەتەوەیەك لەعێراقی پوست بەعسدا. کەهەمومان دەزانین لەعێراقی دوای بەعس و دوای صەدام وك چەند جارێك دووبارەم کردۆتەوە چەندین هێزی ناسیونال و سەلەفی و توندڕەوی عەرەبی پەیدابوون کە بەرامبەر کێشە نەتەوەیەکانمان و پرسی هاولاْتی بوونمان لەعێراقی دوای بەعسدا، لە بەعس توندتر بیر دەکەنەوە و ڕەفتاردەکەن، بۆخویندنەوەی ئەنفالو ئەو هۆکارانەی وای کرد کەئەنفال ڕووبدات دەبێت لەپێك هاتەی سوسیولوژیای عێراقەوەدەست پێبکەین. پێویستە مێژووی کۆمەڵگای عێراقی بەدیدێکی سوسیولوژیەوە بخوێنینەوەو ڕاڤەی کەین. تاوەکو کەمترین هەڵە زانستی بکەین لەخوێندنەوەمان بۆ ئەنفال. ئەوەی لەعێراقدا دەبێتە هۆی هەڵهێنا ن و درووست کردنی دەیان هێزو ئایدۆلۆژیای فاشی و ڕەشی تری وەك بەعس, هە موو ئەو بونیادە کۆمەلاْیەتیانەیە کە کۆمەڵگەی عێراقی لەسەر بەندە. دەبێت بۆ ئەنفال کۆمەڵگای عێراقی لەهەموو قۆناغە جیاوەزە مێژوویەکانی بەدیدێکی سوسیۆلۆژیی یەوە بخوێنینەوە.

گەورە کۆمەڵناسی عێراق (د.علی الوردی) دەڵیت (کاتیْ لەکۆمەڵگەی عێراقی دەکۆلاْمەوەو کۆمەڵگەی عێراقیم تاوتویْ دەکرد, چونکە ماوەیەکی زۆر خولیای بووم. بۆم دەرکەوت ئەگەر لەو ڕووداوانە تێنگەم کەلەڕابردوودا لەعێراق ڕوویانداوەو ئەوڕووداوانەی بەسەر عێراقدا هاتوون. هەرگیز ناتوانم لەباروددۆخی ئێستای عێراق تێبگەم) [19].

وەردی لەو توێژینەوەمەزنەی کەلەسەر کۆمەڵگای عێراق کردی حەقیقەتێکی گەورەی سوسیۆلۆجی خستە بەردەستمان. ئەویش ئەوەیە کە وەردی پێی وایە کۆمەڵگا دەبێت وەك مرۆڤێکی هەرزەکار لێك بدەینەوە، کەهەنوکە دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەوشتانەی لەڕابردوودا بەسەری هاتوون ڕەنگە زۆرجار ئەم کاریگەریە نائاگاو لەهەستەوەنەبێت.

بەلاّم هەرچۆنێك بێت بوونی هەیە و ڕەنگە مرۆڤ هانبدات هەندێ كاری پروپوچ و بێمانا ئەنجام بدات و لەژێر هاندەرێكی خۆنەویستدایە.

ئەوانەی حوكمی عێراقیان كردووە لەبنەماڵەی هاشمەوە تاوەكوو ڕووخانی بەعس و هەندێك جار هەنوكەش كێشەی نەتەوەی كوردیان لە عێراقدا بەناڕەواو ناهەق زانیوە. بەلای ئەو دەسەلاتە یەك لەدوای یەكانەی عێراقەوە. كیشّەی كوردیان بەگەورەترین ریسك داناوە لەهەڕەشەكردن لەنیشتیمانی عەرەب و خاكی عێراق[20]. ئەوەی لەعێراقدا حاكم بووە كوردی بەمەترسی داناوە بۆسەریەكێتی و یەكپارچەیی خاكی عەرەب. كورد لەعێراقدا هەمیشە لەبەردەم پرۆسەی توانەوە و ئاوێزانكردن و بێ شووناسكردن دا بووە، دەسەلاّت و دەوڵەتی عێراق هەمیشە لەهەوڵی پیادەكرنی سیاسەتی ئینديماجيەت دا بوون. خۆئەگەر هەر جوولاّنەوە یەك پێچەوانەی ئەو ئاڕاستەیە وەستابێتەوە و لەدژی ئەو مەبەستانە خەباتی كردبێت، چارەنووسی ئەوكەسانە بەكووشتن و گرتن و ئەنفال كۆتایی هاتووە.

ئەوەی گرنگە لەكۆتایدا بووترێت ئەوەیە ئێمە ئەنفال وەك پرۆژەیەكی بان بەعسیزم بخوێنینەوە و تەفسیری كەین. ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەنفال نەخەینە نێو چوارچێوەی ئایدیای بەعسەوە و، وابزانین عێراقی دوای بەعس وەك كورد دەڵێ شامی شەریفە. یان لەعێراقی پوست بەعسدا هیچ كەس و ئایدۆلۆژیاو حیزبێكی تری ناسیونالیزم و شوڤینی زاتی ئەوەی نیە بیر لەلەناوبردنی نەتەوەیەك یان لەسەر كوتكردنی بزوتنەوەی نەتەوەیەكەی بكاتەوە.

ئەنفال و زیندوو هێشتنەوەی دوایی پرۆسەی دادگایكردنی تاوانباران

ئەنفال لەڕابردووی ئێمەدا قوورسایەكی گەورەی جێهێشتوە، هەروەها لەناو فەرهەنگو ڕۆشنبیری و یاداوەریماندا. ئەنفال ڕابردووی ئێمەی زیاتر تراژیدی تر كرد. زیاتر لەوەی كە لەپێش ئەنفالدا هەبوو. ئەنفال لەڕابردوی نەتەوەیی ئێمەدا جێگەیەكی بەنرخی هەیە. كەوابزانم هەركات بمانەوێ بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوومان مادام ئەنفال هەیە پێویست ناكات هەنگاوی دوور لەنێو ڕابردوومان‌دا بنێین. بەڵكوو دەتوانین هەر یەكسەر لەئەنفالەوە دەست پێبكەین. ئەنفال گرنگترین كەرەستەی درووست كردنی نەتەوەیە بەمانا سیاسیەكەی. نەتەوەیەك كە لەڕۆژگاری مۆدێرنەدا خاوەنی گەورەترین كارەساتە[21] نەتەوەی كورد هەر لەدێر زەمانەوە وەك هەموو نەتەوەیەكی تر خەونی

ئەوەی هەبووە کەتۆڵە لە دووژمنەکانی بکاتەوە ئیتر بەهەرشێوەیەك بێت. هەرکاتێك بۆی لوابێت وەك قوربانیەکی بێ دەسەلاَت هەوڵی داوە تۆڵەی خۆی بکاتەوە. هەمیشە بەشێك لەخەونی ناسیونالیزمی کوردی گەڕان بووە بەدوای تۆڵە سەندنەوە لە دووژمنەکانی و سزادانیان[22].

خەون و بیری تۆڵە سەندنەوە لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغیکی تر گۆڕانی بەسەردا هاتووە جیاواز بووە. سەردەمێك هەبووە تۆڵە لەدەرەوەی هەموو یاساو دادگایەك کراوەتەوە بەبێ پارێزەرو بێ هیچ پاراستنێکی یاسایی. بەلاَم ئەم شێوازە وورده وورده گۆڕانی بەسەرداهاتووە. گۆڕاوە بۆ داواکردنی تۆڵەیەك کە یاسایی یە و شەرعیەتی لەڕێگای دادگاوە پێدراوە و پارێزەری تایبەتی تێدایە. لێپرسینەوە و تۆڵەکردنەوە لە دوژمنانی نەتەوەی کورد هەمیشە بەشێك بووە لەو مژدە بەردوامەی کەناسیونالیزمی کوردی دەیدا. بەلاَم چۆنیەتی داواکردنی ئەم لێپرسینەوە و تۆڵەیە لەڕۆژگاری مۆدێرنەدا و لەسەردەمی مافەکانی مرۆڤ و دادگایی نێونەتەویدا، ئەمانیش شێوازێکی مۆدێرن و ڕێکخراو دەگرنە خۆ[23].

یەك لەو تۆڵەگەورانەی کەنەتەوەیەکی وەك کورد بەدوایی دا دەگەڕا، ئاوات و خەونی لەمێژینەی بوو. لێپرسینەوەی سەرانی بەعس و ئەوانەی بەشداربوون لەئەنفالدا و دەستیان لەسازدانی ئەو دۆزەخەدا بوو بۆ کورد [24].

ئەم تۆڵەو لێپرسینەوەیە زیاتر ڕەهەندێکی سایکۆلۆژی وەرگرتووە و جۆرێکە لەئارامی بەخشین بەهەریەکێکمان. هەروەها یەکیك بوو لەو مژدەی کەبەردەوام ناسیونالیزمی کووردی پێمانی دەدا[25].

پرۆسەی قڕکردنی کورد لەئەنفالدا ئەتوانم بڵێم لە مێژووی عێراقدا لەکۆن و نوێشدا هاوشانی نیە. لەچاڵ نان و بێسەروشوێن کردنی زیاتر لە سەد هەزار مرۆڤی کورد لەساتێکی دیاریکراو کورتدا. جیاوازترە لەهەموو تراژیدیاو کارەساتەکانی نێو ولاَتێکی دروستکراوی وەك عێراق. لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕیزبەندی ئەوتاوانانەی کەسەرانی بەعس لەسەری دادگایی دەکرێت، تاوانی ئەنفال دەچێتە نێو ڕیزبەندی تاوانەکانی ترەوە کە هەندێکیان هێندە بچوکن لەچاو ئەنفالدا کە هەربەراورد ناکرێت. سەرەڕای ئەوەش ئەنفال لەم ڕیزبەندیەدا پلەی دووەمی وەرگرتووە. ئەمە خۆی لەخۆیدا جگە لە بچوکردنەوەی کەیسێکی گەورەی نەتەوەیی وەك ئەنفال کەهاوشانی نیە هیچی تری بۆ

ئێمە لێچاوەڕوان ناکرێت. حساب نەکردنە بۆ ئەنفال وەك ئەوەی پرۆسەی قڕکردنی نەتەوەیەکە[26]، دادگایکردنی تاوانباران لەسەر ئەنفال زیاتر کێشەکە بچوك دەکاتەوە، چونکە هەم داد وەرو هەم پارێزەرو هەم شکات کارانیش، ئەوەندە بەشتی لاوەکیەوە خەریکن ئەوندە دەچنە نێو شتە بچووکەکانەوە. ئەوەندە گرنگی بەکێشەکەنادەن وەك ئەوەی کێشەیەکی سیاسیو نەتەوەییەو نیەتو ئامانج تیایدا قڕکردنی ئەندامانی نەتەوەیەکە. خەم ساردی ئەوکەس و لایەنە کوردیانەی کەشکاتکارانو پارێزەران دەنێرنە نێو ئەو دادگایەوە. بەوەی دەبوایە هەم پارێزەران و هەم شکاتکاران پرسیاری گرنگ گرنگیان سەبارەت بەئەنفال و نیەت و مەرام و ئامانجی ئەنفال بخاستایەتە ڕوو, دەبوو بپرسرایە ئەم کوورد قڕانە بۆ ناوی ئەنفالی لێنرا؟، بۆچی لەئەنفالدا هەوڵی لەناو بردنی هەموو ڕەهەندە ژیاری و شارستانیەکانی کوردستان دراوە. یان بۆچی بەعس وویستبووی لەئەنفالدا کورد بەکافرو جولەکەو بیٚ دین بەدوونیای دەرەوە بناسرێت؟ ئەمانەو چەندان پرسیاری تر کەدەبوو لەبری داوای قەرەبووکردنەوەی ماڵ و سامان لێرەوە پرسیاری سیاسیو نەتەوەیی ڕووبەرووی ئەنفالچیان بکرایەتەوە.[27] دەبوو کەسو کاری ئەنفالەکان هێندە لەلایەن دەسەلاٚتی کوردیەوە قەربوی ماددیو مەعنەوی بکرانایەتەوە کەبەهیچ شێوەیەك ئەو داواکارییە بچوکانە یان لەو دادگایەدا نەخستایەتە ڕوو.

دادگایی کردنی سەرانی بەعس لەعێراقدا و بەقانونی دادگایی عیراقی زۆرکاری لەبچوکردنەوەی کەیسی ئەنفالکردووە و وەك لەوەی ئەنفال لەدادگایەکی گەورەی نێونەتەوەیی دا بخرایەتەڕوو باسکرایە[28].ئەوەی زۆرجێگەی مەترسی و ناخۆشە دەرەنجامەکانی دوایی دادگایی کردنی ئەنفالە. چونکە هەر پرۆسەی دادگای ئەنفال کۆتایی هاتو بەرپرسانی ئەنفال سزای خۆیان وەرگرت. ئیتر وەك چۆن ئەنفال لەدادگادا دەپێچرێتەوە ودەچێتەنێو ئەرشیف بەهەمان شێوەش ئەم کارەساتە نەتەوەیی یە لەیاداوەری ئێمەی کوردا دابخرێت و وابزانین هەمووشت تەواو بوەو گەشتوەتە کەناری ئارامیو داوای ڕەوای خۆمان وەرگرتووە[29]. بۆیە ئەگەر دادگایی کردنی ئەنفال لەسەرێکەوەو لەڕووی سایکولوژیەوە جۆرێك لەئارامی مان بۆبێت، ئەوا لەسەر ئاستی نەتەوەییو پرۆژەی سیاسی نەتەوەیماندا ڕەنگە زەرەرو زیانی گەورەی لێمان دابێت بۆیە دەبێت بەشێك لەکاری سیاسیو میدیای کوردی ئەوەبێت کار بۆ بەرزراگرتن و

زیندوو هێشتنەوەی ئەوکۆستە نەتەوەییە بکات بەتایبەت دوایی ئەم دادگایە و حوکمدانی تاوانباران لەسەر دۆسیەی ئەنفال[30].

ئەنفال و جیهانگیری

ئەنفال هەنگاوی یەکەمی کۆنترۆڵکردن و دیسپلینکردنی سەرتاسەری هەموو کۆمەڵگای ئێمە بوو، وێرانکردنی لادێکانی کوردستان کەستراتیژی سەرەکی ئەنفال بوو، وێرانکردنی هەموو ئەوتوانایانەی کە کومەڵگای ئێمە بۆ خۆپارێزگاری و خۆژیاندن لەبەردەمی دا بوو[31] ئەوەی سەرەوە بەشێك بوو لەڕاڤە و تەفسیرکردنی ئەنفال بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا بیخەینە ڕوو ئەوەیە، کەمێك تیشك بخەینە سەر ئەو پرۆسەی کەئەمڕۆجیهانی گرتۆتەوە و بەجیهانگیری ناسراوەو پەیوەندی ئەنفال بەجیهانگیر یەوە، قسەکردن لەسەر ئەوەی کە چۆن ئێمە وەك نەتەوەی کورد بچینە نێو جیهانگیرییەوە بەهۆی ئەنفالەوە.

بەبێ ئەوەی سروشتێکی ئەفسانەیی بەپرۆسەی بەجیهانی بوون بدەین. دەتوانین بڵێین ئەو جیهانەی چارەکە سەدەیەك لەمەوبەر لەئارادا بوە. زۆر جیاوازە لەو جیهانەی ئێستا تیایدا دەژین. ئەم جیاوازیە تەنها لەئامادەگی ئەو توانا گەورەیەی پەیوەندی کردن و جوڵەو گەشەکردنی تەکنۆلۆژیادا بەرجەستەنیە. بەڵکوو ئەم ئامادەگیە لەئاستی سیاسی و ئابووری و کەلتوری و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی نەخشەی جێپۆلەتیکی جیهانیشدا زۆر گەورە دەبینرێت[32].

چەمکی بەجیهانی بوون چەمکێکی ئاڵۆزە و لەزۆرێك لەزانستە کۆمەڵایەتیەکاندا لێکۆڵینەوەو باس و لێدوانی تایبەتی لەسەرکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا یەکێکە لەئاڵۆزترین و پڕکێشەترین چەمك.

جیهانگیری پرۆسەیەکی بەرفروانی بەرهەم هێنانی جیاوازی ڕێژەیبوونە. جیهانگیری ئەو حەقیقەتە بۆتاك و بۆ گروپ و بۆ کۆمەڵگاکان ئاشکرا دەکات، ئەویش ئەوەیە کەجیهان زۆر گەورەترە لەودنیابینیەی کەئێمە بەهۆی ئەو کەلتورو ئاین و ژینگە داخراوەی دەوروبەرمان بۆمان درووست بووە.

پرۆسەی جیهانگیری پرۆسەیەکی هەمەلایەنەو گشتگیرە، هەڵەیەکی مەعریفی گەورە دەکەین ئەگەر پێمان وابێت تەنها بەهۆی بەرهەم و کالاو بازرگانیەوەو بەهۆی ئابووریەکی بەهێزەوە دەتوانین بچینە نێو پرۆسەی جیهانگیریەوە. ئەوەی بەجیهانی دەبێت تەنها

کالاو بەرهەمی بازرگانی نیە. بەڵکوو زمان و فەرهەنگ و سیاسەت و ئایدۆلۆژیاو کەلتوورو شتی ترە. ئەوەی ڕۆڵی گرنگ لەم پرۆسەی بەجیهانی بوونەدا دەگێڕێت بوونی دەزگای ڕاگەیاندن و میدیاکانە. کەلەڕێگەی ئەمانەوە سنورەکان ببەزێنرێن. ڕاستە ولاتە پیشەسازیە زلهێزەکان ئاسانترو زوتر چونەتە نێو پرۆسەی جیهانگیریەوە پشکی گەورەیان لەم پرۆسەیەداهەیە، بەهۆی ئەو کالاو بەرهەمانەی کەدەیخانە نێو بازاڕەکانەوەو هەیمەنەو مانۆڕی ئابوری خۆیان بەهۆی گلۆبالیزاسیونەوە مانێفیست دەکەن. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت نەتەوەو ولاتانی تر ناتوانن بێنە نێو ئەم پرۆسەیەوەو یاخوود شتێك نیە تاوەکوو لەم پرۆسەیەدا بیخەنە ڕوو.

جیهانگیری دەسکاری کۆی بونیادەکۆمەلایەتیەکانی کۆمەڵگاکان دەکاتو دەیانگۆڕێت، هەم بونیادی دینیو هەم بوونیادی ئابووری و هەمووبونیادەکانی تر کەکۆمەڵگا یان نەتەوەیان لەسەر بەندە لەڕۆژگاری گلۆبالیزاسیوندا دەکەونە ژێر پرسیاری قولێ و گەورەو گرانەوە.

رەنگە بپرسرێت کورد وەك نەتەوەیەکی ژێر دەست و داگیر کراو چی هەیە تاوەکو گلۆبالیزەی کات یاخوود ئێمە چی مان هەیە تاوەکوو پێی بچینە نێو جیهانگیریەوەو لەوێدا مانیفێستی کەین؟ یان هەندێکمان زۆر رەشبینانە دەڕوانین بو ئەم بابەتەو پێمان وایە ئەگەر هەموونەتەوەو ولاتێك بچێتە نێو پرۆسەی جیهانگیریەوە، کورد ناتوانێت بچێتە ناوییەوە و بەشداربێت, وەك ئەوەی بکەربێت لەم پرۆسەیەدا .

ئەم بۆ چوونە کەم تازۆر بۆچونێکی هەڵەیە چونکە نەتەوەی کورد چەندین کۆستو حیکایەتی تراژیدی لەسەدەی بیستەمدا هەیەو خاوەنی یەتی، تاوەکوو پێی بچێتە نێو گلوبالیزاسیونەوە پێیانەوە بناسرێت. هەڵەی مەعریفی ئەم جۆرە بیرکردنەوانەو تێڕوانینانە لەوێوە دەست پێدەکات کەتێڕوانێکی پوخت ئابووری هەیەو هەیمەنەی هەیەو بەرجەستەیە لەبیرکردنەوەماندا. ڕاستە بەرهەمهێنانو دەسەلاتی ئابووری گەورەترین پشکی بەردەکەوێت لەڕۆژگاری جیهانگیریو لەبەردەوامی پرۆسەی بەجیهانی بووندا.

ئەگەر نمونەیەك بۆ ئەو بۆچوونەی سەرەوە بهێنمەوە وابزانم زیاتر ئەو شتە ڕوون دەبێتەوە. کۆڕەوەکەی سالی 1991 وای کرد کە ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری (688)ی دەربکاتو بڕیاری جێ بەجێ کردنی بدرێت بەزوترین کات، باشوری کوردستان بەشێکی

ببێتە زۆنێکی ئەمنی و ئارام بۆ کورد دابنرێت و تاوەکوو ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە4/9ی 2003[33].

ئەوەی کەوای کرد ئەنجومەنی ئاسایش ئەو بڕیارە کتوپڕە دەربکات و دەست وەرداتە کاروباری ناو خۆی ولاتێکەوە کە پێشتر ئەو شتانە بەبەزاندی سنوری سەروەری نیشتیمانی دەولەتێك حسابی بۆ دەکرا، ئەوەی کەوای کرد بوونی ژمارەیەکی زۆر چاوی کامێراو دەزگاو ڕاگەیاندن و میدیای جیهانی لەناو شاخەکانی سنوری عێراق _ئێران، کە لەگەڵ هەزاران هەزار کوردی ڕاکردو و ماڵ بەجێماو دەمانەوەو هەموو وێنە ترسناك و تراژیدیاکانی ئێمەیان بۆ دوونیا گواستەوە، دیمەن و وێنەکانی منداڵی بەر بە فرو برسی و منداڵی مردوو. پیاو و ژنی پیرو برسی ونەخۆش، بەهەموو جیهان پیشانداو وای کرد جیهان بوروژێنن و دنیا لەکێشەی کورد تێبگەین دواتر ئەوبڕیارەی ئەنجومەنی ئاسایشی لێبکەوێتەوە[34].

کەواتە ئەگەر یابان و سەنغافورە و مالیزیا بەهۆی پیشەسازی و بەرهەمەوە و ئەگەر ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەهۆی سیاسەسەتەوە و ئەلقاعیدە بەهۆی وێنەکانی زەواهیری و ئوسامەو تیرۆرەوە بچنە ناو گلوبالیزاسیونەوە. ئەوا کوردیش خاوەنی خەم و کۆستی نەتەوەیی وەك هەڵەبجە و ئەنفالەو دەتوانێت بەئاسانی بچێتە نێو پرۆسەی گلۆبالیزاسیونەوە. ئەمەش لەسەر ئاستی نەتەوەیی زۆر سوودی هەیە تاوەکو شوناسێکی سیاسی نەتەوەیی بەهێزی پێدرووستکەین دواتر دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ کورد بوونیاد بنرێت.

ئەگەر زۆر وولات لەناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕستدا بەهۆی ئەو کەلتورە داخراو بونیادە کۆمەلاتیە دوگماو چەق بەستوانەی کەهەیانە نەتوانن زۆر گلوبالیزەبن و یاخوود بەهۆی بیرکردنەوەیەکی ساویلکە کە لایان ئامادە یە بەوەی واهەست دەکەن بە هۆی گلوبالیزاسیونەوە زەرەرو زیانی گەورەیان کردووە و ڕۆژ دوای ڕۆژ کومەڵگاو بونیادەکانی کۆمەڵگاکانیان پەرتەوازە دەبێت و فرە ڕەنگ دەبێت. وەك ووتم ئەگەر بۆ ئەو ولاتانە جیهانگیری ئەوەبێت و وابیر بکەنەوە لەم پرۆسەیە، ئەوە جیهانگیری بۆ نەتەوەیەکی چەوساوەی وەك کورد لەم ناوچەیەدا لەزۆر ڕووەوە سودو قازانجی گەورەی هەبووە و هەیەتی. لەلایەك ناساندنی کێشەی نەتەوەیی کورد بەهەموو دونیا و بەهۆی میدیاکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، لەلایەکی تر ئاگادر بوونی UN و چەندان وولات و ڕێکخراوی مرۆڤ دۆست لەکێشە نەتەوەیی و داخوازی یە نەتەوەیەکانمان[35].

ئەوەی پێویستە ئێمەبیکەین و کاری بەردەوامبمان بێت، ئەوەی کەناسیونالیزمی کوردی لەڕۆژگاری گلوبالیزاسیوندا ئەرکی سەرشانیەتی، ئەوەیە کەکورد زیاتر بناسرێت کێشەو داخوازیە نەتەوەیەکانی زیاتر گلوبالیزە بکات. ئەوەی زۆر گرنگە بیکەین ئەوەیە ئەنفال وەك هولوکوست گەورەکەین و گلوبالیزەی کەین وەك ئەوەی ئەنفال پرۆسەیەك بوو لەعێراقدا دەویسترا نەتەوەیەکی وەك کورد تیایدا قڕبکرێت و لەناوببرێت، ئامانج لەئەنفال لەناوبردنی شوناسی نەتەوەیەك بووە. پێویستە لە ڕۆژگاری گلوبالیزاسیوندا ئەنفال بکەینە شوناسێك تاوەکوو کوردی وەك نەتەوەیەکی قڕکراو پیێ بناسرێتەوە.

کورد دوایی پرۆسەی ئەنفال

ئەوەی دەمەوێت لێرەدا گرنگی پێبدەم باسکردنی نەتەوەیی کوردە لە ڕووی ئەجێنداو پرۆژەی سیاسیەوە لەدوای ئەنفال. بەوەی تاچەند ئێمە کاری زانستی و بابەتی و مەعریفییمان کردووە تاوەکوو لەئەجێندای سیاسیماندا ئەنفال جێگای دیارو بەرچاوی هەبێت(36). لەڕووی پرسە سیاسی و نەتەوەیەکانمانەوە ئەنفال تاچەند ئێمەی بەدونیای دەرەوە ناساندوە. یاخوود ناسیونالیزمی کوردی چەندە لەهەوڵی ئەوە دابووە کەچیدی ئەنفال نابێتەوە بە پرۆژەیەکی تری لەناو بردنی کورد لە عێراقی پوست صەدامدا، بەتایبەت دوایی ئەوەی ئێمە بەدەستی خۆمان بەدەستور بووینەوە بەعێراقی. ئەوەی تائێستا نەکراوە و دەبوو کاری جددی بۆبکرایە ئەوەیە، دەبوو ئێمە قۆناغی دوایی ئەنفالمان هێندە تۆکمەو توند بوایە لەڕووی یەکگرتووی گوتاری نەتەوەیی مانەوە. تاوەکوو خۆمان بەدوونیای دەرەوە بەشێوەیەك بناسێنین، مەسیجێك بۆگشت لا بنێرێن و بڵێین زۆر هەوڵدرا تاوەکوو نەتەوەی ئێمەو بزوتنەوە نەتەوەیەکەی کورد لەناوببرێت بەتایبەت لەئەنفالدا، کەچی ئەوەتا دوایی ئەمە زیاتر بەهێز بووین و گوتاری مانەوەمان زیاتر بەهێز بووە زۆر پێچەوانەی ئەوە دەرچوو کەبەعس لەئەنفالدا وویستی.

ڕەنگە کورد لەئاست بونیادنانی شوناسی نەتەوەیی و شوناسی سیاسیدا دا زۆر سودی وەرنەگرتبێت. ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆئەو شپرزەیی و لێکترازانەی لەنیو ماڵی کوردی دا هەبووە، ونەبونی گوتارێکی نەتەویی بەهێز تاوەکوو پرۆژەی داهاتووی نەتەوەیی لەسەربنیاتن بنیا بنێین(37). دوای ئەنفال کەمترین گۆڕانی جەوهەری و

مەعریفی لەگوتاری ناسیونالیزمی کوردی دا ڕوویداوە. لەزۆر ڕوەوە ئەم گوتارانە هەمان گوتاری نەتەوەیی بەر لەئەنفالن. تەواو کلاسیکیو تەقلیدین هەم لەرووی داخوازی نەتەوەیی و هەم لە خستنە ڕووی کێشەنەتەوەیەکانمانەوە. لەوانەش ئەم لاوازیە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کەبزوتنەوەی ناسیونالیزمی کوردی وەك پێویست لەئەنفال و مەرامەکانی پشت ئەنفال تێبگات و تەفسیری کات زانستیانە لێی بکۆلیبێتەوە. یان بەروەژەندی حیزبی و خێڵ و تۆخ کردنەوەی شوناسی ناوچەگەری و حیزبی لەجێی شوناسی نەتەوەی وای کردووە ئەنفال وەك بابەتی بەهێزکردنی هەموو شوناسێك جگە لە شوناسی نەتەوەیی سودی لێوەربگرێت. دەتوانم بڵێم کورد وەك نەتەوە تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە بچێتە قوناغی دوایی ئەنفالەوە هەم لەئەجێندای سیاسی وهەم لە درورستکردنی و شوناس وکیانێکی نەتەوەیی دا.

لێرەدا لێکۆلینەوەیەکی مەیدانی پیشاندەدەین دەربارەی کاریگەری ئەنفال لەسەر شوناسی نەتەوەیی

خشتەی (1) رەگەزی ئەو کەسانە دیاری دەکات کە لە نمونەی لێکۆڵینەوەکەدا وەرمانگرتون

رەگەز	ژمارە	رێژەی سەدی ٪
مـــێ	23	٪23
نێـــــر	77	٪77
کـــــۆ	100	٪100

لەخشتەی ژمارە (یەك) بۆمان دەردەکەوێت کەژمارەی ئەوکەسانەی کەمێینەن و ئێمە لەنمونەی توێژینەوەکەماندواوەرمانگرتووە ژمارەیان (23)مێینە، هەروەها ژمارەی رەگەزی نێر تیایدا(77)نێرینەیە. ئەم جیاوای یەی نێوانین زۆر گەورەیە، لەکاتێکی توێژینەوەکەماندا گەشتینە ئەو ڕاستیەی کە رەگەزی مێینە کەمتر بایەخ بەم جۆرە ڕۆشنبیریانە دەدەن. وەك پێویست گرنگی پێنادەن.

خشتەی (2) تەمەنی کەسەکانی ناو نمونەی توێژینەوەکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە

ڕێژەی ســـــەدی	ژمارە	تەمەن
٪ 55	55	20 –29
٪ 27	27	29–30
٪ 18	18	40–49
٪ 100	100	کـــــۆ

لەخشتەی ژمارە (2)کەتەمەنی کەسەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە دەرەرکەوتووە کەژمارەی زۆری ئەوکەسانەی لەم نمونەیەدا بەشداریان کردووە لەنێوان تەمەنی لاوێتی و پێگەیشتنی تەواو دان و دەتوانن هەموو دیاردەکان بەشێوەیەکی واقعی لێك بدەنەوە، چونکە مرۆڤ لەخوار ئەم تەمەنەوە، زۆر بەتەواوی ناتوانێت دیاردەکانی چواردەوری لێك بداتەوە.

خشتەی ژمارە (3) ئاستی خوێندەواری نمونەی توێژینەوەکەمان ڕوون دەکاتەوە

ڕێژەی سەدی	ژمارە	ئاستی خوێندەواری
٪4	4	دکتورا
٪7	7	ماستەر
٪23	23	بەکالوریوس
٪67	67	خوێندکاری زانکۆ
٪100	سەد کەس	کــــۆ

خشتەی ژمارە (3) ئاستەکانی خوێندەواری کەسەکانی نمونەی توێژینەوەکە پیشان دەدات، کەتیایدا خۆمان بەشێوەیکی مەبەستدار و ناهەڕەمەکی ئەم ئاستانەمان دەست نیشان کردووە. ئاستی بەرزی خوێندەواری و جۆری خوێندن گرنگە تاوەکوو نمونەی

تویژینەوەکە بەشێوەیەکی راست و گونجاو دەربچێت. ئاستەکانی خوێندن گرنگە تاوەکو تۆ بتوانێت کەسایەتی کەسەکانی نمونەی تویژینەوەکەت هەڵسەنگێنیت.

خشتەی (4)ئەو بڕوایە ڕوون دەکاتەوە کەئێمە کۆمەڵگەیەکی پوست ئەنفالین، واتە ئەنفال لەدوامانەوەیە.

ئایا ئیمە کۆمەلگەیەکی پوست ئەنفالین	ژمارە™	ڕێژەی سەدی™
نەخێر	84	٪84
بەڵێ	7	٪7
تاڕادەیەك	9	٪9
سەرجەم	سەدکەس	٪100

ئەم خشتەیە پرسیارکردنە لەوەی کە ئێمە ئایا ئەنفالمان جێهێشتووە, واتە ناکرێت ئێمە بە نەتەوەیەك بناسرێین کە دەکرێت ئەنفال جارێکی تر بەرامبەرمان بکرێتەوە لەعێراقی دوایی صەدامدا. بەلاّم ڕێژەی زۆری وەلاّمەکان بە (نەخێر) دراونەتەوە. واتە نەخێر ئێمە کۆمەڵگەیەکین هێشتا ئەنفالمان جێنەهێشتووە و دەکرێت ئەنفال بەچەندین شێواز لەعیراقی دوای صەدامدا رووبداتەوە. خستنە ڕووی پرسیارێی لەم شێویە رەنگ بێت لەسەر هەردوئاستی کومەلاّیەتی و سیاسی لێکدانەوەی ووردی بوّکرێت، رەنگ بێت بەشێکی زۆری وەلاّمە نەخێرەکان بەهوّی ئەو بێمتمانەییەوە بێت بەو چوارچێوەیەی کەناوی دەوڵەتی عێراقی لێنراوە، مێژوویەکی هەیە لەکوشتارو خوێن و حوکمی دیکتاتوری و دەسەلاّتی شمولی. هەروەها رەنگ بێت بەهوّی ئەوەوە بێت کەخەڵکی لەگورانکاریە سیاسیەکان بەگومانن و بەهیچ شێوەیەك ناتوانن متمانەی تەواوی خوّیان بە بەڵێنە سیاسی و بارودوّخە سیاسیەکان ببەستن، بوّیە ئێمە پیویستمان بەکوّمەڵێك گرەنتی پتەو و نەگوڕ هەیە تاوەکو دڵنیامان کات لەوەی کەلەعێراقی دوایی صەدامدا ئیتر ئەنفال دووبارەنابێتەوە.

خشتەی (5) ئەوە ڕوون دەکاتەوە کەئایا بونەوەمان بەعێراقی مەترسی دووبارە بوونەوەی ئەنفالی هەیە.

وەڵام	ژمـــارە	ڕێژەی سەدی
بەڵێ	83	٪83
نەخێر	7	٪7
تاڕادەیەك	10	٪10
سەرجەم	100	٪100

ئەم خشتەیەی کە ئەم پرسیارەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە تیایدا دەردەکەوێت کەرێژەی کەسەکانی ناو نمونەی توێژینەوەکە کە وەڵامەکەیان بە(بەڵێ)یە ڕێژەیەکی زۆر گەورەیە. لەوەی کەدووبارە بوونەوەمان بەعێراقی و لە سەر ئیختیاری خۆمان، کارێکی هەڵەبوە و لەوانەیە بەهۆیەوە دووبارە بونەوەی ئەنفال شتێکی مەحاڵ نەبێت و دوبارەبێتەوە، بونەوەمان بەعیراقی بەپێی دەستوور بەبێ ئەوەی هیچ مەرجێکی نەتەوەیی مان هەبێت. وای کردووە کەزۆرێك لەخەڵکی لەدەرەنجامەکانی دوایی ئەم پرۆسەیە بترسن و بەچاوی گومانەوە لێی بڕوانن.

خشتەی ژمارە (6) باس لەوەدەکات ئەگەر هەرهێزێکی تری عەرەبی لەدوایی بەعس هاتەسەر حوکم و ئەو هەلەی قوستەوە ئایا ئەنفال نابێتە بەشێك لەئجێندای سیاسی ئەو هێزە.

وەڵام	ژمارە	ڕێژەی سەدی
بەڵێ	36	٪36
نەخێر	12	٪12
تاڕادەیەك	52	٪ 52
سەرجەم	سەد کەس	٪100

ژمارەیەکی زۆری وەلامی ئەم خشتەیە بەتاڕادەیەك (لەوانەیە) وەلام دراوەتەوە ئەمەش ئەوەدەردەخات کە تاوەکوو ئێستا خەڵکی بەگومانن لەو هێزە عەرەبیانەی کەلەعێراقدا ووجودیان هەیە و ئێستا لەساحەکەدا ئامادەن. زۆرێك لەم هێزانە هەرچەندە بەشداری هەڵبژاردن و پرۆسە دیموکراسیەکان دەکەن بەلام لەبناغەدا هێزی تاریکن و باوەڕیان بەکرانەوە نیە ناتوانن دیموکرات خوازبن و توانای پێکەوە هەڵکردنیان نیە لەگەڵ زمان و نەتەوەی جیاوازتر لەخۆیان. بۆیە هەرچەندەکەرستەکانی دیموکراسی لەعیراقدا ئامادەن بەلام ئەمە هیچ گەرەنتی ئەوەمان پێنادات کەچیتر دەسەلاتێکی دیکتاتوری ناگەرێتەوە سەرحوکم و ئەنفال نابێتە بەشێك لەئەجێندای سیاسی ئەو هێزە. بۆیە هەرحساب نەکردنێکی ووردو قوڵ لەو بارەوە رەنگە مەترسی ئەم گریمانەیە زیاتر کات لەعێراقی پوست صەدامدا.

خشتەی (7)ئەوە ڕوون دەکاتەوە کەئایا دەکرێت عێراق دیموکراتیزە بکرێت لەگەڵ بونی ئەو هەموو هێزە ناسیونال و شوڤینی و ئاینییەی کە لە عێراقی پۆست بەعسدا هەیە.

وەلام	ژمارە	ڕێژەی سەدی
بەڵێ	5	٪5
نەخێر	86	٪86
تاڕادەیەك	9	٪9
سەرجەم	سەد کەس	٪100

ئەم خشتەیە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە زۆر مەحاڵە عێراق بچێتە نێو پرۆسەیەکی دیموکراسیەوەو دیموکراتیزە بکرێت. چونکە عێراق وولاتێکی فرە مەزهەب و فرەئاین و فرەنەتەوەیە. وەك دەبینین دوایی بەعس چەندین هیزی تری عەرەبی هاتونەتە ساحەکەوەو هەریەك بەئاوازو تۆنێك جیاوازتر لەوانی دی دەخوێنێت. ئامانجی هەریەکەیان جیاوازە. ئەمیان دەیەوێت ئەوی تر لەناو ببات و نەیهێلێت. زۆرێك لەم هیزە عەرەبیانە ئایدولوژیەتیان قابیلی دیموکراتیزەکردن نیە هەرچەندە بانگەشە بۆ ئەم پرۆسەیەدەکەن بەلام لەپراکتیك کردنی ئایدۆلۆژیەتیاندا رەنگ ناداتەوە، بۆیە ئەگەر نەتوانرێت لەسەردستی ئەم هێزانە دیموکراتیزە بکرێت، ئەوە ڕوودانەوەی ئەنفال لەعێراقی پوست بەعسدا مەحاڵ نیە.

خشتەی (8) باس لە پەیوەست کردنی ئەنفال دەکات بەئایدولوژیای بەعسەوە، نەخوێندنەوەی ئەم کارەساتە لەسەر ئاستە کەلتوری و ئاینی و بوونیادە ڕۆشنبیریەکانی دوونیای عەرەبی، بەوەی کارێکی لەم شێوە ئایا تووشی هەڵەی مەعریفیمان ناکات.

ڕێژەی سەدی	ژمارە	وەڵام
٪94	94	بەڵــێ
٪1	1	نەخـــێر
٪5	5 ™	تاڕادەیەك
٪100	100	سەرجەم

وەڵامی بەشێکی زۆری نمونەی توێژینەوەکە بە (بەڵێ) بۆئەم پرسیارە ئەوەدەخاتە ڕوو کە هەڵە دەکەین ئەنفال ببەستینەوە بەئایدولۆژیای بەعسەوەوە تەواو. نەخێر دەبێت بەدوایی هەموو ئەو هۆکارو ڕەگ و ڕیشەمێژووی و کەلتوری و ئاینیانە بگەڕێین کەوای کرد ئەنفال لەسەردەستی هێزێکی شۆڤێنی وەك بەعس ڕووبدات. هەروەها بەدوایی ئەودا بگەڕێین بزانین ئەوهۆکارانەی وایکرد ئەنفال ڕوبدات ئایا لای هێزی عەرەبی لەعێراقدا دەبینرێت، چونکە هەرحساب نەکردن و فەرامۆشکردنێك دواتر دەمانخاتە بەردەم زنجیریەك ریسکی یەك لەدوایی یەکی چاوەرێکراو.

خشتەی (9)باس لەدادگایی کردنی سەرانی بەعس دەکات لەسەر کەیسی ئەنفال لەدادگایی عێراقی دا ئایا کاریگەری نەبووە لەبچوك کردنەوەی ئەم کارەساتەبەوەی کەنەبراوە بۆ دادگایەکی نێو دەوڵەتی.

ڕێژەی سەدی	ژمارە	وەڵام
٪97	97	بەڵـــــێ
٪0	0	نەخیــــــر
٪3	3	تاڕادەیەك
٪100	سەد کەس	سەرجەم

دادگایی کردنی سەرانی بەعس لەسەرئەنفال لەدادگایی عێراقیداو نەبردنی ئەم کارەساتە بۆ دادگایەکی نێودەوڵەتی کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر بچوکردنەوەی قەبارەی ئەم کارەساتی مرۆڤ قڕانە, زۆریکی خەڵکی وای بۆ دەچن کە دادگایی عێراقی کەیسی ئەنفالی خستۆتەپاڵ چەند کەیسێکی کەوە و بوەتە هۆی بچوك بوونەوەی ئەم کەیسەو، وای کردووە کەنەتوانین ئەنفال وەك کارەساتێکی نەتەوەیی گەورە بناسرێت.

خشتەی (10) ئەوە روون دەکاتەوە کەئایا ئەنفال پرۆسەیەك بوو بۆ لەناو بردنی نەتەوەی کورد بەمانا سیاسیەکەی واتە لە ناوبردنی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کوردی.

وەڵام	ژمارە	رێژەی سەدی
بەڵـــــێ	94	٪94
نەخێـــــر		
تاڕدەیەك	6	٪6
سەرجەم	سەد کەس	٪100

زۆربەی زۆری نمونەی تویژینەوەکە باوەڕیان بەوەیە کە ئەنفال بۆ ئەوە کرا تاوەکوو جاڕی نەمان و فەوتانی نەتەوەیەك و بزوتنەوە ناسیونالیزمیەکەی بدات، ئامانج لە ئەنفال بۆ سڕینەوەی شوناسی سیاسی نەتەوەیەك بوو، ئەنفال پەیامیکی تایبەت بوو بۆ کەسێك لەبیری هوشیارکردنەوەی نەتەوەکەیدا بوو.

خشتەی (11) باس لەوەدەکات کەئایا دەسەلأتی کوردی لەسەر هەردوو ئاستی تیوری و پراکتیکی توانیویەتی مامەڵەیەکی زانستی لەگەڵ ئەنفالدا بکات.

وەڵام	ژمارە	رێـــــــژەی سەدی
بەڵـــــێ	5	٪5
نەخـــــێر	86	٪86
تاڕادەیەك	9	٪9
سەرجەم	سەد کەس	٪100

دەسەلآتی کوردی لەئاست ئەم کارەساتەدا کەتەرخەم بووە وەك لەم نەخشەیدا دەردەکەوێت، نەیتوانیوە وەك پێویست بایەخ بەئەنفال بدات لەناوەندە ئەکادیمی زانستیەکاندا. نەیتوانیوە ئەنفال بکاتە بابەتێکی زانستی و ئەکادیمی لە زانکۆکان و ناوەندەکانی تری خوێندندا، تا ئێستا دەسەلآتی کوردی نەیتوانیوە بایەخ بەئەنفال بدات لەوەی سەنتەرێکی توێژینەوەی زانستی لەسەر ئاستی نەتەوەیی دابمەزرێنێت. یان وەك پێویست بایەخ بەوکارەساتە نادرێت لەیادکردنەوەی دا بەوەی کە ئەمە یادی کۆست وکارەساتێکی نەتەوەیی گەورەیە.

خشتەی (12)ئەوەدەخاتە ڕوو کەئایا میدیای کوردی توانیویەتی ئەنفال گلوبالیزەکات و وەك کێشەیەکی نەتەوەیی بیناسێنێت.

ڕێژەی سەدی	ژمارە	وەلآم
٪25	25	بەڵـــــێ
٪67	67	نەخێــــر
٪8	8	تاڕادەیەك
٪ 100	100	سەرجەم

بەشێکی زۆری وەلآمی کەسانی ناو نمونەی توێژینەوەکە بەوەیە کەمیدیای کوردی نەیتوانیوە ئەنفال گلۆبالیزەکات و وەك کێشەیەکی نەتەوەیی بەجیهانی بناسێنێت، ناساندنی کارەساتی ئەنفال بەجیهان کۆمەلێك دەسکەتی نەتەوەیی و سیاسی دەستەبەردەکات لەوەی ئەنفال دەتوانێت لەڕۆژگاری جیهانگیریدا ببێتە شوناسێکی نەتەوەیی و سیاسی بەهێز تاوەکوو کوردی لەجیهاندا پێبناسرێت. دواتر وەك میللەتێکی جینوساید کراو دانمان پیابنێن. بۆ ئەوەی هەردواکاریەکی سیاسیمان هەبو لەعێراقی دوایی صەدامدا پشتگیری نێو دەوڵەتی بەدەست بێنین.

خشتەی (13)ئەوە دەخاتە ڕوو کەئایا ئەنفال بووەتە هۆی ترسی لەناوچون لەسایکولۆژیەتی تاکی کوردیدا

وەڵام	ژمارە	ڕێژەی سەدی
بەڵێ	83	٪83
نەخێر	6	٪6
تاڕادەیەك	11	٪11
سەرجەم	سەد کەس	٪ 100

ئەم خشتەیە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە تاوەکو ئیستا لای زۆریك لەخەڵکی بەهۆی ئەنفالەوە ئەو ترسە لەسایکولۆژیەتیاندا ماوە، ئەترسن لەوەی ئەم کارەاتە لەعیرای دوایی بەعسیشدا ڕوویداتەوە لەسەر دەستی لایەن و حیزبی تری نێو دوونیای عەرەبی. دەتوانین ئەم ترسە ناوبنێین فوبیای ئەنفال، چونکە زنجیرەیەك ترسە یەك بەدوای یەکدا دێت. هەموو ئەو گۆڕنانەی دوای روخانی بەعس بەعس ڕوویانداوە وای نەکردووە کەئەم ترسە بڕەوێنێتەوە یاخوود کەمی کاتەوە بەڵکو بەپێچەوانەوە بیروبۆچوونی ئەم هیزانەی کەئێستا لەساحەکەدا ئامادەگییان هەیە ترس لەوەی ئەنفال بکرێینەوە لەسایکۆلوژیەتی تاکدا درووست کردووە.

پەراوێزەکان:

١. مەریوان ووریا قانیع ,نەتەوەو ناسیونالیزم ,گوڤاری ڕەهەند ,ناوەندی رەهەند,سلیمانی,ژمارە ١٦_١٧,لا ١٦٤
٢. مەریوان ووریا قانیع ,نەتەوەو ناسیونالیزم ,گوڤاری ڕەهەند ,ناوەندی رەهەند,سلیمانی,ژمارە ١٦_١٧,لا ١٦٤
٣. هەمان سەرچاوە ی پێشوو لاپەرە ١٦٦
٤. ارنست کیلنر,لامم والقومیة, ترجمة :د.مجید الرازی ,دارالمدی ١٩٩٩,ص ١٣٨
٥. منشورات الاعلام المرکزی للحزب الشیوعی العراقی .کوردستان العراق ,١٩٨٩
٦. Mew,genocide in iraq,op,cit,p
٧. بەرنامەی (شؤن الساعة) رادیوی لەندەن ,دووشەمە ١٩٨٨/٩/٥
٨. یوست هیلتەرمان , جینوسایدهاوتاوانی بێدەنگ بوون , گوڤاری رەهەند ژمارە(٧)سلیمانی,١٩٩٩ولا ٢٤١
٩. کنعان مکیة ,القسوة والصمت ,منشورات هیئة الارسال العراقیة ,اربیل ١٩٩٦,ص ٦٤
١٠. هە مان سەرچاوە

١١. د.مارف عومەر گول محمد , ئەنفال قوناغێكە لەپراكتیكردنی جینوساید ,گوڤاری رەهەند ,ناوەندی رەهەند,سلیمانی,ژمارە (٧)لا ٦٢
١٢. مەریوان ووریا قانیع,بەختەوەری و بێدەنگی ,سلیمانی ,٢٠٠٣,لا ١٧
١٣. هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەرە ,١٩-٢٠
١٤. مەریوان ووریاقانیع ,بەختەوەری و بێدەنگی , بەرگی یەكەم ,سلیمانی ,٢٠٠٤,لا ١٦٨
١٥. هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەرە ١٧٠
١٦. هەمان سەرچاوەیپێشوو لاپەرە ١٦٧
١٧. ارنست گیلنەر ,الامم والقومیه ,ترجمه :د.مجید الرازی ,دارالمدی ,١٩٩٩ص ١٣٠
١٨. 54),(53),) د.علی الوردی ,لمحات الاجتماعیة من تاریخ العراق الحدیس,مقدمة جزئ الاول .مكتبة الصدر,قم,١٩٩٨,
١٩. ئاسو كوكوی . ئەنفال و ەك كارەساتێكی نەتەوەیی ,كوردستانی نوێ, ژ ٤٣٢٦
٢٠. بەهادین ئەمین ,دادگاو تۆلە,گۆڤاری روون ,ژمارە ,هەولیر٣,ساڵی ٢٠٠٥
٢١. هەژار ئەنوەر ,ئەنفال و دادگایی كردنی ئەنەجام دەرانی ,رۆژنامەی ئاسو,ژ (٨٧),سلیمانی ,٢٠٠٥
٢٢. هەمان سەرچاوە
٢٣. بەهادین ئەمین ,ئەنفال و دادگایی عیراق ,روژنامەی كوردستانی نوێ,ژ(٤٦٣٢),سلیمانی ,٢٠٠٥
٢٤. هەمان سەرچاوە پێشوو
٢٥. د.محمد جواد ,ماالعولمة.جزء الاول ,دارالشرق ,بیرووت ,٢٠٠٣ ص ٤٢
٢٦. بەهادین ئەمین , هەڵەبجەوجیهانگیری و مەسەلەی كوورد , روژنامەی كووردستانی نوێ ,ژ(٣٩٧٨)
٢٧. مەریوان ووریا قانیع ,شووناس و ئاڵۆزی ,سلیمانی ,2004,لا 68
٢٨. سابیر جەبار ,ئەنفال وەك لەناوبردنی نەتەوەیەك ,روژنامەی خەبات ,ژ(٣١٢٩),هولیر
٢٩. سابیر جەبار ,ئەنفال وەك لەناوبردنی نەتەوەیەك ,روژنامەی خەبات ,ژ(٣١٢٩),هولیر
٣٠. ئاسو كوكوی ,ئەنفال و مەترسی بیرچوونەوە .روژنامەی كوردستانی نوێ ,ژ(4463)
٣١. بەهادین ئەمین ,ئەنفال و دادگایی عیراق ,روژنامەی كوردستانی نوێ,ژ(٤٤٦٣٢)
٣٢. بەهادین ئەمین ,دادگاو تۆلە,گۆڤاری روون ,ژمارە ٣,ساڵی ٢٠٠٥
٣٣. هەڵەبجەوجیهانگیری و مەسەلەی كوورد , روژنامەی كووردستانی نوێ ,ژ(٣٩٧٨)
٣٤. ئاسو كوكوی,ئەنفال وجیهانگیری ,رۆژنامەی ووڵات ,ژمارە (٣٤٥)
٣٥. هەمان سەرچاوەی پیشوو
٣٦. ئاسو كوكوی ,ئەنفال و مەترسی بیرچوونەوە .روژنامەی كوردستانی نوێ ,ژ(٤٤٦٣),سلیمانی,٢٠٠٥
٣٧. مەریوان ووریا قانیع ,شووناس و ئاڵۆزی ,سلیمانی ,٢٠٠٤,لا ٦٨